**زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر**
Salahaddin University-Erbil

# هزری سیاسی لای ئەرستۆ

**(توێژینەوەی دەرچوونە)**

پێشکەش بە بەشی(فەلسەفە)ی کۆلێژی ئاداب کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە فەلسەفە

**ئامادەکردنی لەلایەن**

محمد دلشاد عمر

**بەسەرپەرشتی**

م.ی. شێروان هادی محمد

2023

## پێرستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | **پێشکەشە** |
| ب | **سوپاس و پێزانین** |
| ج | **پوختەی توێژینەوە** |
| د | **پێرست** |
| 1 | **پێشەکی** |
| | **بەشی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوە و ناساندن و دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە** |
| | **تەوەرەی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە** |
| | 1- گرفتی توێژینەوەکە |
| | 2- گرنگی توێژینەوەکە |
| | 3- ئامانجی توێژینەوەکە |
| | 4- میتۆدی توێژینەوەکە |
| | **تەوەرەی دووەم: ناساندن و دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە** |
| | 1- فەلسەفە |
| | 2- هزر |
| | 3-هزری سیاسی |
| | 4-سیاسەت |
| | **بەشی دووەم: ژیاننامەی ئەرستۆ و شاری نموونەیی لە ڕوانگەی ئەرستۆ** |
| | تەوەرەی یەکەم: ژیاننامەی ئەرستۆ |
| | تەوەرەی دووەم: شاری نموونەیی لە ڕوانگەی ئەرستۆ |
| | |
| | **بەشی سێیەم: پێگەی دەوڵەت لە فەلسەفەی سیاسی و لە هزری سیاسی ئەرستۆدا** |
| | تەوەرەی یەکەم: پێگەی دەوڵەت لە فەلسەفەی سیاسیدا. |

| | |
|---|---|
| تەوەرەی دووەم: پێگەی دەوڵەت لە  هزری سیاسی ئەرستۆدا. | |
| **بەشی چوارەم: سیاسەت لە هزری سیاسی ئەرستۆ بەرامبەر بە هزری سیاسی ئەفلاتون.** | |
| تەوەرەی یەکەم : هزری سیاسی لای ئەفلاتوون. | |
| تەوەرەی دووەم: هزری سیاسی لای ئەرستۆ. | |
| **دەرئەنجام** | |
| **لیستی سەرچاوەکان** | |
| | |

## پێشەکی

مەبەستی سەرەکی لە نووسینی هەر توێژینەوەیەک ڕونکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە لە تێڕوانینی فەیلەسوفان، لێرەدا لامان گرنگ بوو هزری سیاسی لە دیدی ئەرستۆ ئاماژە پێبکەین، ئەرستۆ هەمیشە بیرۆکەکەی باڵی بەسەر فەلسەفە سیاسییەکەی دا کێشاوە ، هەروەها ئەرستۆ گرنگیەکی تایبەتی بەلایەنی فەلسەفەی سیاسی داوە. بابەتی ئەم توێژینەوەیەش بەناونیشانی (هزری سیاسی لای ئەرستۆ)یە کە پێک هاتووە لەچوار بەش کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:-

بەشی یەکەم لە دوو تەوەر پێک هاتووە، تەوەرەی یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوە و تەوەرەی دووەم لە ناساندن و دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە، بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم: ژیاننامەی ئەرستۆ و تەوەرەی دووەم: شاری نموونەیی لە ڕوانگەی ئەرستۆ، هەروەها بەشی سێیەم لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەرەی یەکەم: پێگەی دەوڵەت لە فەلسەفەی سیاسی و تەوەرەی دووەم: لە هزری سیاسی ئەرستۆدا. لەهەمانکاتدا کۆتا بەشیش کە بەشی چوارەمە لە دوو تەوەر پێک دێت، تەوەرەی یەکەم: هزری سیاسی لای ئەفلاتون تەوەرەی دووەم هزری سیاسی لای ئەرستۆ. لە کۆتادا ئاماژە بە دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کراوە.

## بەشی یەکەم

## ڕەگەزەکانی توێژینەوە و ناساندن و دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە.

### تەوەرەی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

**1- گرفتی توێژینەوەکە.**

گرفتی توێژینەوە بەیەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە دادەنرێت، بۆیە هەر بابەتێکی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە، گرفتی ئەم توێژینەوەیەش لەسەر بابەتی (هزری سیاسی لای ئەرستۆ) یە ، توێژور بەدوایی وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە دەگەڕێت کە بڕیتییە لە : ئایا ئەرستۆ چۆن دەڕوانیتە هزری سیاسی ؟

**2- گرنگی توێژینەوەکە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش گرنگی یەکەی لەوەدایە کە باس لە دید و هزری سیاسی دەکەکات لای ئەرستۆ، هەروەها شیکردنەوە بۆ بیروڕا سیاسییەکانی ئەرستۆ دەکات لەسەر دەوڵەت و گۆمەڵگا و شارەزابوون لە ژیان و بەرهەمەکانی ئەرستۆ.

**3- ئامانجی توێژینەوەکە.**

هەروەک توێژینەوەیەکی تری زانستی ئەم توێژینەوەیەش ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە کە بزانیت:

أ- زانینی دید و هزری سیاسی لای ئەرستۆ.

ب-دەرخستنی پێگەی دەوڵەت لە فەلسەفەی سیاسی و لە هزری سیاسی ئەرستۆدا.

ج- ئاشنابوون بە بە فەلسەفەی سیاسی لای ئەرستۆ و بەراوردێک لەگەڵ بیروڕای سیاسی لای ئەفلاتون.

**4- میتۆدی توێژینەوەکە.**

هەر توێژینەوەیەک کە ئەنجام دەدرێت میتۆد و شیوارزی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەچ ڕێگایەک توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا (میتۆی شیکاری و بەراوردکاری) بەکارهاتووە ، چونکە هەم شیکاری بۆ بابەتی توێژینەوەکەکراوە و هەمیش **بەراوردکاری** بۆ بابەتی توێژینەوەکە کراوە کە باس لە هزری سیاسی لای ئەرستۆ و لە تەوەرەیەکدا باس لە فەلسەفەی سیاسیی هەردوو زانای یۆنانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ کراوە.

## تەوەرەی دووەم: ناساندن و دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە.

### 1- فەلسەفە:

پێناسەی زۆر بۆ فەلسەفە کراوە هەندێکجار بە هەوڵ و کۆششێکی تیۆری و عەقڵی لەبارەی دیدگای گشتی بۆ هەموو جیهانی واقیعی پێناسەکراوە و ناسێنراوە، هەندێکجار هەوڵی وەسفکردن و باسکردن لە واقعیەتەکان، هەندێکجاریش بە هەڵسەنگاندنی هەموو شتە واقیعە ئەزموونییەکان پێناسەیان کردووە.

وشەی فەلسەفە وشەیەکی یۆنانیە لە دوو بەش پێکهاتووە فیلۆ (بەواتای حەزکردن) سۆفیا (واتا دانای) ، واتە فەلسەفە بەمانای( حەزکردن لە دانایی) دێت ، ئەو کەسەش کە حەز لە دانای بکات پێیی ئەوترێت فەیلەسوف ( حمید،2012: 18).

واتای بنەڕەتی فەلسەفە چییە؟ لە بنەڕەتدا فەلسەفە بریتییە لە گەڕان بەدوای حەقیقەت و گەڕان بەدوای دەستپێکی هەموو شتەکان: لەم مانایەدا، فەلسەفە هاوشێوەی ئەفسانە دەردەکەوێت .بەاڵم فەیلەسووف لە بنەڕەتەوە لەگەڵ دروستکەر و حیکایەتخوانی ئەفسانەکان جیاوازە. ئەوەی فەیلەسووف لە ئەفسانەناسەکان جیادەکاتەوە کەشفی سروشتە. یەکەمین فەیلەسووفەکان، دۆزەرەوە و کەشفکەر بوون. دەبوایە سروشت کەشف بکەن. مرۆڤ بەبێ ئەوەی بزانێت شتێک بەن اوی سروشت بوونی هەیە. سروشت کاتێک دۆزرایەوە کە گەڕان بەدوای سەرەتا و دەستپێکەکان( لیۆ شتراوس و.ڕاڤین کامەران،2021).

### 2- هزر:

هزر بڕیتیە لە جولەی عەقڵ و بەکارهێنانی ژیری و توانای مرۆڤ لە نێوان زانین و نەزانیندا. هەروەهاچالاکیەکی گیانی پرۆسەیەکی ئامادەیە ئامانج و ئاوات و خواستن و هەست و نەستی مرۆڤ لە چوار چێوەیەکی ڕەنگ بۆ دارێژاو رێکوپێکدا دادەڕژێ( ستار، 2014: 76).

هەروەها هزر ، واتە مرۆڤ بونەوەرێکی ژیر بێ ، هزر بیرکردنەوە تایبەتمەندیەکانی بەرچاوی مرۆڤ بیرکردنەوە خۆشی چالاکیەکانی گیانیە لە ئەندامێکی ئەو پەڕی گرنگی پەرەسەندنی مرۆڤ دەکەوێتەوە بەکوردی مێشکیش پێ دەگوترێ ئەو چالاکییە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و ناوەڕۆک هەمەڕەنگ راز و نیاز و هەست و خواست و ئاوات و ئامانج و مەبەستی مرۆڤ بەرجەستە دەکات( حمید، 2013: 21).

**3- هزری سیاسی:**

مرۆڤ کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەرێگەی عەقڵەوە جگەلەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەری، هەروەها سروشتیشدا دەکات، پاشانیش هەوڵی تێگەیشتن و گۆڕینی ئەو ژینگەو سروشتە دەدات.هەوڵی مرۆڤ بۆ گۆڕینی شێوەی ژیان، سەرچاوەیەکی فکری هەبوەو هەیە، لەقۆناغە سەرتاییەکاندا گۆڕان زۆر سست و لەسەرخۆبووە، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، ئەم گۆڕانە خێراتر بووە، شێوازەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی سەرچاوەی هزری سیاسی مرۆڤبوونە.

لەم روانگەیەوە دەتوانین لەسادەترین پێناسەدا بۆ هزری سیاسی بڵێین:(بریتییە لە هەر تێڕامانێک دەربارەی پرسەسیاسیەکان. ئەوەی شایانی باسە، لەدێر زەمانەوە، تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت تێکەڵکردنێک لەنێوان هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسیدا هەیە و هەبووە، بەڵام لەراستیدا دوو شتی جیاوازن و هەرگیز ئەمەیان ئەویان نییە. ئەگەر هزری سیاسی( بریتی بێت لە پرسە سیاسییەکان)، ئەوا فەلسەفەی سیاسی (بریتییە لە توێژینەوەی ئەو پرسە سیاسییانە بەشێوازێکی میتۆدییانە).بەکورتی بڵێین:هزری سیاسی بوارێکی گشتگیرو فراوانەو فەلسەفەی سیاسیش دەگرێتە خۆی، دەتوانین زاراوەی هزری سیاسی بۆ هەر فەلسەفەیەکی سیاسی بەکار بهێنین، بەڵام ناتوانین هەر هزرێکی سیاسی بەفەلسەفەی سیاسی ناوببەین.

**4- سیاسەت:**

سیاسەت واتای(Politiqve)وشەیفەرەنسیە ، وشەییۆنانی(Politikos)لە سەرچاوەی وشەی یۆنانی( Polis) وەرگیراوە لەو سەردەمەدا ( Politico's) بەمانای هونەر و کردەوە حوکمەت لە وڵات دا کەڵکی وەرگیراوە.( حمید، 2016 : 92).

سیاسەت لە واتا تایبەتەکەی دا، بەو هەوڵانە دەگوترێ کە حوکمەتەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و دیاریکردنی شێوە و ناوەڕۆکی تێکۆشانی خۆیان دەیگرنەبەر ئەم هەوڵانە لە دوو کەناڵی نێوەخۆی و دەرەکی دا جێ بە جێ دەکرێ( مەجدی، 1998 : 81).

فەیلەسوفی فەرەنسی( ئەندری سیۆنڤل) دەڵێت سیاسیەت، بریتییە لە ژینێکی هاوبەش لە هەمانکاتدا لە ململانێدا و کە لە ژێر رکێف و دەوڵەت چاودێری دایە. هەروەها سیاسەت بریتییە لە هونەری وەرگرتن، هونەری پاراستنە بەکارهێنانی دەسەڵات، هونەری دابەشکردنی دەسەڵات.هەروەها (هارول لاسویل) دەڵێت سیاسەت توێژینەوە و بە دواداچوونی دەسەڵاتە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردندا، لە لایەکی تردا ( دیڤید اسیتون)، دەڵێت سیاسەت توێژینەوە و بە دواداچوونە پەیوەندی نێوان چینەکانە.( معجم المصطلعات السیاسیة، 2009 : 128).

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

– ستار ئاشتی،(2014)، بەرەو هۆشیاری هزری مرۆڤ، چ1، چاپخانەی منارە، هەولێر.

عزیز، حەمید،(2016)، لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– مەجدی کامیل،(1998)، ئەرستۆ مامۆستای یەکەم، وەرگیرانی نریمان عەبدوڵڵا، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– عزیز، حەمید،(2013)، فەلسەفەی سەردەم لە ئەوڕوپا، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– عزیز، حەمید،( 2012)، سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– پۆلانی، کەمال, و: ئازاد و سیروان،(2012)، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا .

- لیۆ شتراوس و.ڕاڤین کامەران، (2021)، واتای بنەڕەتی فەلسەفە.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- العلولي، یاسر،( 2014)، معجم المصطلعات السیاسیة، سلسلة کتب.